د. کامل مەهدی بەڕێوەبەری ناوەندی دیراساتی کەنداو زانکۆی ئێکسترا لەندەن بۆ **گوڵان**:



# لە عێراقدا شەڕی نێوان مەزهەبی شیعە و سوننە نییە، بەڵکو شەڕی سیاسەت و دەسەڵاتە لەژێر پەردەی شیعە و سوننەدا

**د. کامل مەهدی کە ئەکادیمیەکی عێراقییە، ئێستا لە زانکۆی ئێکسترا بەڕێوەبەری ناوەندی دیراساتی کەنداوە و توێژینەوەکانی زیاتر بایەخ بە بواری نەوت دەدات، بێگومان ئێستا گرفتی سەرەکی پێکهێنانی هەرێمەکان لە عێراق کە دەبێتە هۆکارێک بۆ سەقامگیریی عێراق لەسەر ئەم خاڵە چڕدەبێتەوە کە سەرچاوەکانی نەوت بە یەکسانی لە هەرێمەکەدانێن، لەلایەکی دیکەوە د. کامل مەهدی بێجگە لە پسپۆرییەکەی، کەسایەتییەکی ڕۆشنبیر و سیاسییشە، هەر بۆیە لەم راپۆرتەدا بە پێویستمانزانی لەم لایەنەشەوە بارودۆخی عێراق هەڵبسەنگێنرێت و گوڵان هەڤپەیڤینێکی لەگەڵ سازکرد کە ئەمە دەقی بۆچوونەکانیەتی:**

### ئەمەریکا پێویستی بە نەوتی عێراق نییە<br>بەڵام دەیەوێت کۆنترۆڵی سەرچاوەکانی وزە بکات

کە باسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکرێت، وەک ناوچەیەکی ژیاریی بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا لە قەڵەمدەدرێت، ئەم ناوچەیە کە سەنگێکی قورسی لە بازاڕی نەوت هەیە، پێویستی بە سەقامگیری و تەناهی هەیە، هەر بۆیە هەر ئاژاوە و ئاڵۆزییەک لەم ناوچەیەدا کاریگەریی لەسەر تەواوی ناوچەکە دەبێت، ئەمەش بە زیان بۆ بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا دەبینرێت، لەم ڕووەوە زۆر بۆچوون دەبێت، ئەمەریکا ستراتیژییەتی خۆی لەسەر بنەمای دابینکردنی سەرچاوەکانی وزەی ڕۆژهەڵات دارشتووە.
دەربارەی ئەم بۆچوونانە د. کامل مەهدی دەڵێت: «ستراتیژییەتی ئەمەریکا لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەسەر ئەو بنەمایە بونیادنراوە کە ئەمەریکا پێویستی بە نەوتی ئەم ناوچەیە هەیە بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی، ئەمەریکا وەک پێداویستی پێویستی بە نەوتی کەنداو و ڕۆژهەڵات نییە، بەڵام بەرژەوەندی لەم ناوچەیەدا ئەوەیە کە بتوانێت وەک هێزێکی گەورە کۆنترۆڵی بازاڕی نەوتی جیهان بکات، بە بڕوای من یەکێک لە هۆکارەکانی داگیرکردنی عێراقیش مەسەلەی کۆنترۆڵکردنی سەرچاوەیەکی دیکەی نەوت بوو، بۆ ئەوەی بتوانێت باڵادەستی بەسەر دەوڵەتانی ئاسیا و ئەورووپاوە هەبێت.

### ئەمەریکا دەتوانێت ڕێگری دەستێوەردان بێت<br>بەڵام خۆیشی کۆنترۆڵی پێ ناکرێت

ئەگەر ئامانجی ئەمەریکا سەرچاوەکانی نەوتی عێراق بێت، ئەوا دەبوایە پێش وەختە بۆ کۆنترۆڵکردنی بارودۆخی دوای شەڕ بەرنامە و پلانێکی بۆ ڕاگرتنی سەقامگیریی عێراق هەبوایە، بەڵام وێڕای ئەوەی ئەمەریکا توانی لە ماوەی تەنیا چەند هەفتەیەکدا گەورەترین دیکتاتۆر بڕووخێنێت، بەڵام بۆ چەند ساڵ دەچێت کۆنترۆڵی بارودۆخی عێراقی پێ کۆنترۆڵ نەکراوە، لەم حاڵەتەشدا نەک هەر ئەوەی ئامانجی بوو نەهاتەدی، خەریکە ڕووبەڕووی چەندین گرفتی دیکەش دەبێتەوە.
دەربارەی ئەم مەسەلەیە د. کامل گوتی: «من دیسان جەخت لەسەر ئەوە دەکەمەوە ئەمەریکا لەبەر نەوت عێراقی داگیرکرد و ستراتیژییەکەی لە ڕووی سەربازییەوە و لە ماوەیەکی کورتدا سەرکەوتنی بەدەستهێنا، بەڵام نەیتوانی کۆنترۆڵی بارودۆخەکەی دوای ڕووخانی دیکتاتۆر بکات.
ئێستاش ئەمەریکا هێندە هێزی هەیە کە ڕێگە نەدات هیچ لایەک دەست لە کاروباری ناوخۆی عێراق وەربدات، بەڵام گرفتەکە لێرەدا ئەوەیە خۆیشی ناتوانێت کۆنترۆڵی بارودۆخەکە بکات، هەر بۆیە بارودۆخەکە خەریکە لە دەست دەردەچێت و ناتوانێت بارودۆخەکە هێور بکاتەوە و، ئەمەریکا ئامانجی بوو کە عێراق سەقامگیربێت بۆ ئەوەی عێراق ببێتە دەروازەیەک بۆ وەبەرهێنانی بیانی، بەڵام نەیتوانی ئەمە بکات.
بێگومان ئەمەش مانای ئەوە نییە ئەم واقیعە دەبێتە هۆی شکستی ئەمەریکا، ڕاستە کاریگەری لەسەر ئەمەریکاش دەبێت، بەڵام ئەمەریکا دەوڵەتێکی گەورەیە و خاوەنی هێزێکی لە ڕادەبەدەرە، بۆیە هێندەی کاریگەری لەسەر عێراق و ناوچەکە دەبێت هێندە

کاریگەری لەسەر ئەمەریکا نابێت، بارودۆخی عێراق بەو شێوەیە کە ئێستا دەبینن چ ئاژاوەیەک لەژێر ناوی مەزهەبی رووبەڕووی بۆتەوە.

## شەڕی سیاسەت و دەسەڵاتە
## نەک شەڕی مەزهەبی

شەڕی نێوان عەرەبی شیعە و عەرەبی سوننە خەریکە دەگاتە ئاستێکی ترسناک و شێوەی شەڕی نێوان مەزهەبی شیعە و سوننە بەخۆیەوە دەگرێت، هەر بۆیە لەم حاڵەتەدا ڕێگەچارەی ئاشتییانە و چارەسەری لۆژیکانە دەبێتە مەحاڵ.
دەربارەی ئەم شەڕەی نێوان عەرەبی شیعە و عەرەبی سوننە د. کامل گوتی: پێش هەر شتێک ئەم شەڕەی عێراق شەڕی مەزهەبی نییە، لەبەر ئەوەی هەموو مەزهەبەکان هاوبەشن و دژی یەکتری نین، بەڵکو ئەم شەڕە شەڕی ئەو هێزە سیاسییانەیە کە خۆیان بە مەزهەبێک رووپۆش کردووە.
ئەو لایەنە سیاسییانەی ئەم شەڕە دەکەن، ئامانج و بەرژەوەندیی سیاسی خۆیان هەیە و دەیانەوێت ئەو ئامانجانەی خۆیان بە دەست بهێنن، ئینجا ئەو هێزە سیاسییانە ناسنامەیان سوننە بێت یان شیعە، عەرەبن، یان کورد، ئەم هێزانە بە هاوکاری هێزی دەرەکی هەوڵدەدەن کێشەکە لە چوارچێوەی کێشەی سوننە و شیعە و عەرەب و کورددا بمێنێتەوە، لەبەر ئەوەی ناتوانن بە ڕێگەی سەردەم و ململانێی سیاسی ئامانجەکانیان بەدی بێنن.
با سەیری سیاسەتەکانی سەدام حوسێنی دیکتاتۆر بکەین، سەدام بەناوی عروبەوە شەڕی هەموو لایەکی دەکرد، شەڕی کوردی دەکرد، کەچی شەڕەکە لە نێوان ڕژێمی سەدام و کورد بوو، نەک کورد و عەرەب بە پێچەوانەوە سەدام خۆی دژی عروبە بوو.
ئەم شەڕەی ئێستا مەترسییەکی گەورەی لەسەر ئاییندەی عێراق هەیە، بەڵام سەرەنجام نابێتە شەڕی نێوان شیعە و سوننە.
ئێستا ئەم شەڕە چۆتە ناو هەردوو مەزهەبی شیعە و سوننە، نەک شیعە و سوننە بەشەڕهاتبن، هەروەها لەناو خودی شیعە و سوننەشدا شەڕ هەیە، هەر بۆ نموونە لە کاتی شەڕی ناوخۆی لوبناندا لە کاتێکدا شەڕ بەناوی شەڕی مەسیحی و ئیسلام هەبوو، لەناو خودی مەسیحییەکان و خودی سوننە و شیعەی لوبنانیشدا شەڕ هەبوو.
بۆ ڕاستکردنەوەی ئەم بۆچوونە، من وای دەبینم پرۆژەیەک نەبێ بۆ شەڕی نێوان مەزهەبەکان، بەڵکو لایەنە سیاسییەکان پرۆژەی شەڕکردنی یەکتریان هەیە.

## کورد دەتوانێت ڕۆڵێکی گەورە بگێڕێت
## ئەگەر گەرەنتی مانەوەیان لە عێراقدا بسەلمێنن

لەم بارودۆخەدا کورد لەگەڵ ئەوەی زۆرینەی سوننەیە، هاوکات بەشێکیشی سەر بە مەزهەبی شیعەیە، بەڵام کورد وەک نەتەوە بیردەکاتەوە و جیاوازییە مەزهەبییەکان کاریگەری نەبووە. زیاد لەمەش بەردەوام کورد هەوڵیداوە لایەنێکی خێربێت لەم مەسەلەیەدا، سەبارەت بەوەی کورد دەتوانێت چ ڕۆڵێک بگێڕێت د. مەهدی گوتی: «بێگومان لەم بارودۆخەدا کورد دەتوانێت ڕۆڵێکی هێجگار گەورە بگێڕێت، بەڵام بەمەرجێک دەبێ بیرکردنەوەیان بۆ ئاییندەی کوردستان لە چوارچێوەی عێراقدا بێت، بیسەلمێنن کە پابەندن بە یەکپارچەیی عێراقەوە، ئەمەش بۆ ئەوەیە کە عێراقییەکان بتوانن ئەو متمانەیان لا دروست بێت کە کوردستان بەشێکە لە عێراق و ئاییندەیەکی هاوبەشیان پێکەوە دەبێت».

## کێشەی کەرکووک و ناوچە دابڕاوەکان

هەروەک چۆن عەرەبی عێراق پێویستی بە گەرەنتی هەیە کە کورد بسەلمێنێ پابەندە بە یەکپارچەیی عێراقەوە، کوردیش لە هەمان چوارچێوەدا پێویستی بەو گەرەنتییە هەیە کە ناوچە دابڕاوەکان بگەڕێنەوە سەر هەرێمی کوردستان، کە لە هەموویان گرنگتر مەسەلەی کەرکوکە.
دەربارەی ئەم مەسەلەیە و چارەسەرکردنی بەشێوەیەکی ئاشتییانە د. کامل مەهدی گوتی: «مەسەلەی کەرکوک و ناوچەکانی دیکەی دابڕاو، گرفتێکی گەورەیە، بەڵام لە هەمووی هەستیارتر مەسەلەی کەرکوکە، گومانی تێدانییە کەرکوک شارێکی فرە نەتەوەیە چارەسەری ئەم مەسەلەیەش پێکەوەژیان و داننانە بە یەکتری، نەک سەیرکردنی مەسەلەکە لە ڕوانگەی تێڕوانینێکی تەسکی نەتەوەییەوە، ڕژێمی پێشوو لە ڕوانگەیەکی تەسکی نەتەوەیەوە سەیری کەرکوکی دەکرد، دەیویست ئەم شارە بشێوێنێ، هەر بۆیە مامەڵەی لەگەڵ هاووڵاتییان لەسەر ئەوە نەبوو کێ لەگەڵیەتی یان کێ دژیەتی، بەڵکو لەسەر ناسنامەی نەتەوەیی بوو، هەر بۆیە گرفتێکی دروستکرد کە پێشتر بوونی نەبوو، ئێستا نابێ بە هەمان تێڕوانین چارەسەر بکرێت، دەبێ بەشێوەیەک چارەسەر بکرێت کە کاریگەری لەسەر ناسنامەی هیچ کام لە پێکهاتەکان نەبێت.

## جیۆلۆجیا نەتەوە و هەرێمەکان ناناسێ

دەربارەی مەسەلەی سەرچاوە سروشتییەکانی نەوتیش، د. کامل گوتی: «من وەک پسپۆڕێکی ئەم بوارە، سامانی نەوت بە سامانی هەموو عێراقییەکان دەزانم، ئەمڕۆ هەرێمێک سەرچاوەی نەوتی تیایە و پارێزگایەکی یان هەرێمێکی دیکەی تیادا نییە، ئەوە دەبێ بزانین جیۆلۆجیا نەتەوە و هەرێمەکان ناناسێ، بوونی نەوت پەیوەندی بە جیۆلۆجیاوە هەیە، نەک ناسنامەی ئەتنی یان مەزهەبی، بۆیە دەبێت سامانی نەوت سامانی هەموو عێراقییەکان بێت، پاشان ئێمە ئێستا لەسەر چەند کێڵگەیەکی نەوتی لە سنووری نێوان کوێت و ئێران گرفتمان هەیە، بۆیە نامانەوێت گرفتی دیکەیان بۆ دروست بێت.

## حکومەتی ئێستای عێراق
## پرۆژەیەکی نیشتمانی نییە

لە بەرامبەر ئەم بارودۆخەدا حکومەتی عێراق بەشێوەی دەستەوەستان دەبینرێت و خەریکە بە تەواوی دەیسەلمێنێ کە هیچی پێ ناکرێت، ئەمەش لە زیادبوونی ڕۆژانەی ئاستی توندوتیژیدا بە دیار دەکەوێت، دەربارەی توانای حکومەتی عێراق لەسەر ڕەوشی ئاسایشی عێراق د. مەهدی گوتی: «بارودۆخی عێراق ترسناکە، حکومەتی ئێستای عێراق پرۆژەیەکی نیشتمانیی نییە، هەر بۆیە خەریکە ڕووبەڕووی کارەساتێکی مرۆیی دەبینەوە.
لەم بارودۆخەدا هەموو ئەگەرەکان کراوەن بە ئەگەری دابەشبوونی عێراقیشەوە، بەڵام بەبۆچوونی من ئەگەر عێراق دابەش بێت نابێتە سێ پارچە، بەڵکو دەبێتە دەیان پارچە و لەبەریەک هەڵدەوەشێت.

**ئەمەریکا دەوڵەتێکی گەورەیە و خاوەنی هێزێکی لە ڕادەبەدەرە، بۆیە هێندەی کاریگەری لەسەر عێراق و ناوچەکە دەبێت هێندە کاریگەری لەسەر ئەمەریکا نابێت**

**لەم بارودۆخەدا کورد دەتوانێت ڕۆڵێکی هێجگار گەورە بگێڕێت، بەڵام بەمەرجێک دەبێ بیرکردنەوەیان بۆ ئاییندەی کوردستان لە چوارچێوەی عێراقدا بێت**

**حکومەتی ئێستای عێراق پرۆژەیەکی نیشتمانیی نییە، هەر بۆیە خەریکە ڕووبەڕووی کارەساتێکی مرۆیی دەبینەوە**